www.kurdistannet.org
2-10-2006 12:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بزمارەکانی خالید مەجید فەرەج ... گلەیی کۆنەجاشێک

ئینکاری ناکەم کە نەتەزویر بووم و نە تەقلید، هەموو کەس ئەزانێ بەتایبەتی ئێوە جاشێکی هەتا بلێی رەسەن بووم، ئەنفالچی بووم، باشترین سەرچاوەی زانیاری بووم بۆ ئەمن و ئیستیخبارات، ئەگەر دەیان بردم بۆشەڕی پێشمەرگە، بۆسەلامەتی خۆم و کوڕەمام و پورزاکانم، یەکەم کەس بووم پێشنیازی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویم ئەکرد، چوونکە ئەمزانی ئەوانەی لەوشاخەن ئەگەر بەچەکی تەقلیدی شەڕیان لەگەڵ بکەین، هەروا بەئاسانی هەڵناکەنرێن، هەتا فیشەکیان پێ بێ لێمان ئەکوژن. ئێوە ڕابردووی ئێمەتان وەکو ئاوو دۆ ڕەوان بوو،ساڵەهای ساڵ بوو هێزی پێشمەرگەتان بە دروشمی خەبات و ناونیشانی خۆبەخت کردن تاریف ئەکرد، و ئێمەی جاشیش بە خائین و خۆ فرۆش کلک و ئەڵقە لە گوێی داگیر کەر، بەو حسابە ئەبوو دوای سەرکەوتنتان یەکەم ئیشتان تاج لەسەرنانی پێشمەرگە، و ئیجتیساس کردنی ئێمە بوایە، خۆشمان هەروامان دانابوو، چاوەڕوانی ئەو چارەنووسەش زیاتر نەبووین. ئەوکاتە نەتان کرد، درکمان پێ کردبوو بۆ نایکەن، هەر یەکەو بۆ قورسکردنی تاکەی خۆی، لە تەرازوی هێزەکان، لە بنەوە هەزار واستەتان دەنارده کنمان و ملیونەها تکاو رجاتان لێ ئەکردین، بەشکو دڵمان نەرم بێ و سەنگەری خەباتمان بگوێزینەوە بۆ لاتان؟ شەوانەش لە تەلەفیزۆنەکانتانەوە موزیعەکانتان کە لە خۆشیا بسکەی سمێڵیان ئەهات، بە شانازیەوە ئەیان گووت:بینەرانی خۆشەویست عەسری ئەمڕۆ، سەرۆکی عەشرەتی بەشەرەفی دۆڵی چاو بزان، سەنگەری خەباتەکەی بۆکنە خۆمان گواستۆتەوە، و مەگەر هەر خواش بۆ خۆی بزانێ، خۆیی و تاقمەکەی چەند رێزیان لێگیراوە، ئەگەر لای جەماعەتی ئەوبەر، دیوەخانەکەیان سەد کەسی گرتووە، لەبەری لای خۆمان بۆمان کردوون بە دووسەدکەس، و مادامیش ئەوەنە پیاوی چاکن، لەم سەعاتە بەدواوە شەرت بێ بارانی موحیبەتیان موستەمیڕ لەسەر بێ. دو سێ جاریش ئەو وێنەو هەواڵەتان بڵاو ئەکردەوە، ئەزانن بۆچی بۆ ئەوەی سەرەک عەشرەتی کلاو قوچانیش کە ئەگەر لەئێمە زیاتری بۆ دوژمن نەکردبێ، تاکید کەمتری نەکردووە، و هێشتا هەر لەوبەرە، تەماع بیگرێ و ئەویش سەنگەرەکەی بابەکۆڵیاو بێت، چاوی ئەوکەسانەشتان دەرئەهێنا ئەگەر زاتیان بکردایەو بیان گوتایە بەری چاومان کلی پێوەیە. ئەوکاتەش ئەتانزانی مورتەزەقە مەبدەئیان نیە، و کێ زیاتریان بداتێ ئەچنە لای ئەو، ئەی باشە ئێستا چی لەو مەسەلەیە گۆڕاوە یان دیارە ئیشتان پێمان نەماوە؟خۆ ئەوەی بۆ ئێوەمان کردوە، نە پێشمەرگایەتی بووە، و نە کوردایەتی، (سەللم، بەللم) بووە، ئەگەر خەڵکێک هەبێ لە ئێوە زیاترمان بداتێ، چی رێگەمان لێ ئەگرێ ئەوجارەش سەنگەری موبارەکمان بگوێزینەوە، کورد پەروەریەکەمان، یان مێژووە پڕ لە سەروەریەکەمان؟لەسەرو هەمووشیەوە مەگەر ئێوە بۆ خۆتان هانتان نەداوین ئەو کلتوورە نایابەمان لەبیر نەکەین، یان ئێمە هەڵەین؟.

---

موختەسەری کەلام

واز لە جاشی کۆن بێنن چوونکە ئەوانە ڕەنگە بڵێن کاتێک منداڵ بووین، کورد حوکمی بەدەست نەبووەو بێگانە دەرسی داياوین، بۆیە لەوانەی پەروەدەی نیشتیمانیا ئیکمالین، ئێستا گرنگە کە وورياببین نەوەی نوێ لەخۆمان نەکەینە جاش، ئەوجا قوڕنەیەکمان چنگ ناکەوێ ڕووی خۆمانی لێبشارینەوە.